12 ساڵە TV ئازادی هەولێر داکۆکیکاری ڕاستەقینەی جەماوەرە

فازڵ عەباس

تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر یەکێکەی لەو کەناڵانەی کە وەك بەشێکی ڕۆژنامەگەری شیوعی‌و کەناڵێکی ڕاگەیاندنی بواری ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا کە دوانزە ساڵ بەر لەئێستاو هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جاڕنامەی گەردوونی‌و مافەکانی مرۆڤ لەڕێکەوتی ١٠ / ١٢ / ١٩٩٤ تەلەفزیۆنی ئازادی کەناڵی هەولێر دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کردو وەك دەنگ‌و ڕەنگێکی تازە بۆ داکۆکیکردن‌و پارێزگاری کردن لەکێشەی نەتەوایەتی‌و چینایەتیەکان‌و پاراستنی مافی مرۆڤ ئاوێزانی هەولێرو دەوروبەری بور، بووە میوانی یەکەیەکەی خێزانەکانی ئەم دەڤەرە.

بەو جۆرە بەشێوازێکی نوێ تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر بووە بەرهەمێکی تری بواری ڕۆژنامەگەری‌و دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندنی حزبان بۆ خزمەتکردنی جەماوەر لەپاڵ تەلەفزیۆنی ئازادی سلێمانی‌و ڕادیۆی ڕێگای کوردستان (ئازادی ئێستا).

دیارە تەلەفزیۆنی هەولێر لەساتە وەختێکدا بووە میوانی جەماوەر ئەوکات کوردستان لەژێر مەترسی ڕژێمی دیکتاتۆری‌و گەمارۆی ڕژێم‌و نێودەوڵەتیدا بور. لەناو خۆی هەرێمیشدا سەرەتاکانی جەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بوو هێندەی تر ڕەوشی ژیانی جەماوەر لەکوردستاندا ئاڵۆزو نالەبار بوو.

گومانی تیادانییە کە تەلەفزیۆنی ئازادی بەپشت بەستن‌و هەوڵ‌و توانا‌و لەخۆبوردویی ژمارەیەك هاوڕێی ڕۆژنامەنووسی شیوعی دەستی بەکارکردن کرد بۆئەوەی دەنگ‌و ڕەنگێکی زوڵاڵی تری بواری ڕۆژنامەگەری بێتە مەیدان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوسای بەعس‌و ڕەتکردنەوەی شەڕی ناوخۆو چەسپاندنی ئاشتی‌و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر.

لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەی تەمەنی خۆیدا تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر هەردەم بۆتە مینبەرێك بۆ داکۆکیکردن لەمافەکان‌و داخوازییەکانی جەماوەری کرێکاران‌و جوتیاران‌و ئافرەتان‌و ڕۆشنبیران‌و سەرجەم چین‌و توێژەکانی تری نێو کۆمەڵگاو، وەدەستهێنانی یەکسانی‌و مافەکانیان.

لێرەشدا نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە زۆرن ئەو کارمەندو ڕۆژنامەنووسانەی کەوا خزمەتیان بە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر کردووە، دیارە هەمیشە خزمەت‌و ماندووبوونیان لەبەرچاوە جێگای ڕێزو تەقدیرن لەنێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. کە بەشێکیان حاڵی حازر بەڕێوەبەرو هەڵسوڕێنەری کەناڵەکانن لەکوردستان‌و هەندێکیان لەدەرەوەی وڵاتن. هەر ئەمڕۆش‌و بە بەردەوامی لەگەڵ ڕۆژگاردا تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر بە هەوڵ‌و کۆششی کۆمەڵێك هاوڕێی لاوی خوێن گەرم‌و ماندوونەناس بەپشتیوانی جەماوەری شار بەگشتی بەردەوامن لەگەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەوانی‌و مرۆڤ دۆستی‌و حەقخوازانەی خۆی، تەلەفزیۆنی ئازادی هەولێر دەنگ‌و ڕەنگی زوڵاڵی جەماوەر دەبێت‌و بەردەوامیش دەبێت لەبەرەو پێشچوونی بەرنامەکانی خۆی بۆ خزمەتی زیاتری جەماوەری ئەم دەڤەرە.

لەکۆتاییدا جارێکی تر دەستی ماندونەبوونی کارمەندانی ئەم کەناڵە خۆشەویستە دەگوشم‌و هیوای سەرکەوتن‌و بەردەوامییان بۆ دەخوازم لەزیاتر

ناو گۆڕینی ئیسلامی!!!

غازی حە سە ن

دیارەدەی ناو گۆڕین لە زۆر شوێندا بڵاوە.. دیارە لەنێو کوردستاندا کاتێك لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە سایەی پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی تاکی کوردو پەرەسەندنی شۆڕشی کوردستان و بە میللی بوونی بزاڤی سیاسی کورد، دایك و باوکێکی زۆر دەستیان بە هەڵبژاردنی نێوی کوردی بۆ منداڵەکانیان کرد. نابێت لە بیرمان بچێت زۆربەی ناوەکانیش ڕەنگدانەوەی سیاسی و نەتەوەییان بە سەرەوەیە. تا دەگاتە ئەوەی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بڕیاری قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەندێك نێوی کوردیدا. لە دوای ڕاپەڕینیشدا بزاڤی ئیسلامی سیاسی لە ژێر کاریگەری عەرەبی بوونی قورئان و ئیسلامبووندا لە چەند بۆنە و شوێندا بانگەوازی گۆڕینی نێوی کوردیان بۆ عەرەبی کردووە. بێگومان کورد لە ژێر تایبەتمەندی خۆیدا پەنای وەبەر بەکارهێنانی نێوی کوردی بۆ منداڵ و زارۆکانی بردووە. من دڵنیاشم بەشێکی زۆری خێزانی کوردی لە دەرەنجامی دژایەتی کردنی ڕژێمی داگیرکەری عەرەبی عێراقی کە درێژەی بەعەرەبکردنی کوردستان داوەو وەکو بە شێك لە ئەرکی نەتەوەیی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن نێوی کوردی بۆ منداڵەکانیان هەڵبژاردووە، کە چی گروپە ئیسلامییەکانی کورد لە دەرەنجامی بێئاگایی و خۆ بەستنەوە بە عەرەبکردنەوەی کەلچەری کوردی داوای بەکارهێنانی نێوی ئیسلامی عە ڕەبی لە خێزانە کوردەکان دەکەن!.

ئەمەی سەرەوە هەر تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکی خێراو لەهەمان کاتیشدا بەراوردێکی خێرا دەبێت دەگەڵ دیاردەی نێو گۆڕینی عەرەبە ئیسلامییەکانی نێو کۆمەڵگای ئەمریکی بۆ نێوی مەسیحی و نائیسلامی. با سەرەتا پێتان بێژم... بۆیەشە باسی کۆمەڵگای ئەمریکیتان بۆ دەکەم ، چونکە لەنزیکەوە دەگەڵ دیاردەکە دەژیم و لەهەمان کاتیشدا زۆر لەعەرەبەکان ئەمریکا بەناحەزو دوژمنکاری ئێستای ئیسلام دادەنێن و لەم ڕوانگەیە شەوە دژایەتی ئەمریکا دەکەن.

لە ئەمریکادا نێو لە خۆنان و نێو هەڵبژاردن بۆ منداڵەکانت ئازادە، هیچ یاساو کە سێك نییە چاوەدێری ناو هەڵبژاردن بۆ منداڵ و زارۆکانت بکات.. هەروەها پێچەوانەی کۆمەڵگای ئیسلامی داخراو بە چاوی سوکەوە سەیری نێوی بێگانە و یاخود زمانەکانی تر ناکرێت، واتە هەموو کەس ئازادە چ ناوێك لە خۆی و منداڵە کانی دەنێت. کە چی بەشی زۆری عەرەبی نیشتەجێی ئەمریکا پێش هەموو شتێك نێوی خۆیان لە ناوی ئیسلامی و عەرەبی بۆ نێوی ئەمریکی وەکو(مایك، مایکل، فرێدی، گەبی، جان، جۆرج، سام، کەنی وهتد) دەگۆڕن... برای موسڵمانی کورد دەزانێ هەر خودی ئەو عەرەبە موسلمانەی نێوی خۆی دەگۆڕێت، هەمان عەقڵیەتی دوژمنکارانەی هەیە بەرامبەر منێك کە عەرەب نیم. بۆ نموونە کاتێك باسی ئیسلامیەتی دەگەڵ دەکەیت ، هەمان کەس منی کورد بە ئیسلامی پلە دور دادەنێت، چونکە من عارەبی نازانم.. یاخود ڕەگەزی نەتەوەیم دەگەڵ ئەو جیایە، یانژی لە ڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەگەڵ ئەوان ناکۆکم و بۆ چوونی جیا لە ئەوانم هەیە، خۆ بۆ ئێمەی کورد هێندە بەسە کە ئێمە سەدام حوسێن و ڕژێمی داگیرکە ڕی عێراقی عە ڕەبیمان پێ خراپ و دیکتاتۆرو زاڵمە.

ئایا موسلمانی کورد چ دەڵێت کە موحەمەد ناوەکانی عارەب کە نێوی خۆیان لە موحەمەدەوە بۆ مایك یاخود مایکل دەگۆڕن؟.. دیارە من تەنیا نمونەی نێوی موحەمەد دەهێنمەوە، چونکە هەموومان دەزانین موحەمەد نێوێکی چەندە پیرۆزو گەورەیە لای ئیسلام. سەبارەت بە ناوەکانی دیشەوە ئەوە هەر هیچ!!! هەروەسا ژبیر نەکەین گەلێك نێوی عەرەبی پەیوەندی بە پیرۆزی نێوی خوداو گەورە پیاوانی ئیسلام و ڕێبەرەکانییەوە هە یە، سەرباری بەکارهێنانی نێوەکان لە نێو ئایەتەکانی قورئاندا.

ئەم کورتە بەراوردە تەنیا بیرهێنانەوەیەکی خێرایە بۆ نەخوێندەوارو دونیا نەدیتوەکانی ئیسلامی، کە لەگۆشەیەکی بەرتەسکەوە دیقەتی کێشەکان دەدەن.. دەزانن ئەم عەرەبانە بۆ نێوی خۆیان دەگۆڕن؟.. باپێتان بڵێم.. بە شێکیان خودانی پرۆژەی ئابوری چکۆلە و وردن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بڕە دۆلارەکانیان بکەن نێوی خۆیان دەگۆڕن. دیارە نامەوێت لێرەدا باس لە جۆرو شێوازی کارەکانیان بکەم، باس لەو کارانە بکەم کە ئیسلام قەدەغەی کردوون.. هەندێکیشیان پێیان وایە ناوەکانیان قورسە و بە کارهێنانی لای ئەمریکییە کان سانا نییە.. هەندێکی تریان پێیان وایە کە ناوی خۆیان دەگۆڕن ئیسلام بوونی خۆیان دەشێرنەوە.. بڕێکی تریان دەزانن نێوبانگی عارەب باش نییە، بە تایبەتیش لەم چەند ساڵەی دوایدا بۆیە لە ڕێگەی نێو گۆڕینەوە بەشێکی کەلتوورو هەڵسوکەوتی خۆیان وەدەشێرن.. هەشیانە قاچاغەو لەڕێگەی ژنهێنانەوە نێوی خۆی دەگۆڕێت بۆ نێوی مەسیحی..! لاشمان شاراوە نەبێت بەشێکیان لە ڕێگەی کاردانەوەیان بەرامبەر زوڵم و زۆری کۆمەڵگای ئیسلامی و عارەبی و سەرکوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی پەنا وەبەر نێو گۆڕی دەبەن.

جا نازانم گروپە ئیسلامییە کوردیەکان چتۆ بانگەوازێك بۆ برای ئیسلامی عارەبیان دەکەن، تاکو نێوبانگ و نێوەڕۆکی ئیسلام بپارێزن.؟. لێرەدا کارەکان ڕێك پێچەوانە دەردەکەون.. ئەرێ ئەوەی من دەیبینم پێشکەوتن و گە شەکردنی شارستانی کۆمەڵگای عەرەبییە ، یانا زیرەکی و لیهاتوویی عەرەبە ، یاخود دواکەوتنی کۆمەڵگای کوردی؟ لەکاتێدا عەرەب کە خۆیان بە دەمراست و ڕێبەرو ئیسلامی تاقانە و ڕەسەن وەسف دەکەن، بایەخ بە نێوی ئیسلامی خۆیان نادەن، کەچی چەند گروپێکی کوردی بانگەشەی گەڕانەوە بۆیەکارهێنانی نێوو زمانی ئەوان دەکەن و خۆشیان لە دونیایەکی تردا؟ ئایا گوناهی گەورە لە ئەستۆی کێیە؟ پێم وایە گوناهی مەزن لە ئەستۆی ئیسلامێکی دواکەوتووە.. پێم وایە هەڵەی مەزن ئیسلامێکی نەخوێندەوار دەیکات کە پێی وایە پێوانەی ئیسلام بوون لە نێو بە کارهێنان و نێو گۆڕینە بۆ نێوی عە ڕەبی.. لە کاتێکدا عە ڕەب خۆیان ئامادە نینە پە یوەست بن بە نێوی ئیسلامی عە ڕەبی خۆیان!!!.

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان

سەرۆکی هەرێمی باشوری کوردستان / کاك مەسعود بارزانی
جێگری سەرۆکی هەرێمی باشوری کوردستان / کاك کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان / کاك نێچیرڤان بارزانی

سڵاوو ڕێزم بۆ بەڕێزتان

من نووسەرو ڕۆژنامەنووس عەلی کەندی، دانیشتوی شاری هەولێر گەڕەکی تەعجیل، لەتەمەنی منداڵیمەوە لەساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولی مەزن کردووە لەڕێزی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق / لیژنەی هەرێمی کوردستان لەو کاتەوە بەردەوام بووم تاکو مانگی ١٠ / ١٩٧٢، دوای ئەوە لەساڵی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩٠ سێ جار بەند کراوم لەلایەن دامو دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمنی‌و موخابەرات‌و ئیستخباراتی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەشارەکانی مەسیف سەلاحەدین‌و شەقڵاوەو هەولێرو موسڵ‌و کەرکوك‌و بەغدا، لەماوەی تەمەنم لە ژیاندا نەك هەر خۆم ،بەڵکو بنەماڵەکەشم ملکەچ نەبووین بۆ دوژمنانی گەل‌و نیشتمان، جا عەرەب یا کورد یا دەسەڵات، هەردەم جێگەی چاودێریکردن بوینە لەلایەن نەیارانی گەل‌و نیشتمان.

بەڕێزان دوای دابڕانم لەکاری پارتایەتی تاکو ئێستا لەماڵی خۆم دانیشتوم‌و بەردەوام لە نووسینەکانم لە هەموو بوارەکان چ بە دانەری بەهرەم‌و چ بابەت بڵاوکردنەوە کە خاوەنی ٩ بەرهەمم ئەویش لەپێناو خزمەتکردنی گەل‌و نیشتمانەکەم‌و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەپێی توانا و بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك یارمەتیم بدات یاخود داوای یارمەتی بکەم. لەساڵی ١٩٨٧ من خاوەن خێزانم و تاکو نوسینی ئەم نامە کراوەیە خاوەنی ١سم زەوی نیم لەسەر ئەو خاکەی کە لێی لەدایك بووم‌و ئێش‌و ئازارم بۆی هەڵکێشاوە و تاکو ئێستا لە خانوری بەکرێ دانیشتووم لەم گەڕەك بۆ ئەو گەڕەك کە دەکاتە ٢٧ ساڵە من لەکرێ چیایەتیم‌و لەهیچ لایەنێك سوودمەند نەبوومە، سەرەڕای خزمەتی فەرمانبەریم کە زیاتر لە ٢٥ ساڵە.

بەڕێزان هەر لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی کۆمۆنیستەکان بووم‌و کۆمۆنیست بووم یاخود لەپێناو پارەو سامان ملکەچیم نەکردووە...! من نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکان‌و بەراوردی باری هەڵوێست‌و ژیانی خۆم بکەم لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەڵام ئەوەندە دەڵێم هیوادارم ببمە خاوەن ١٠٠ مەتر دووجا زەوی ئەویش تەنیا بۆ دوو ژووری حەوانەوە بۆ خۆم‌و خێزانەکەم‌و داوای دۆزم زەوی ناکەم بۆ دروستکردنی کێڵگەو باخچەو باڵەخانەو...! هیوادارم داواکەم جێگەی سەرنج ڕاکێشەری ئێوەی بەڕێزو دڵخۆشکەری من بێت.

نوسەرو ڕۆژنامەنووس
عەلی کەندی

زەرەرو زیانی ٢٥٠٠٠٠ ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانی

قادر ڕەشید

ئاوێنە لەژمارە (٤٨)ی ١٢ / ١٢ / ٢٠٠٦ چەند نووسینێکی لەبارەی ژمارەو کێشەی ئۆتۆمبێلەوە لە پارێزگای سلێمانی وەك هەواڵ بڵاوکردۆتەوە، بەڕای من ئەم گرفتە وەك دیاردەیەکی نەگونجاو پێویستی بە باس‌و لێکۆڵینەوەیەکەی جددی هەیە، چونکە گرفتێکی گەورەو گرانی زیانبەخشی بۆ شوفێرو خەڵکی‌و حکومەتیش دروستکردووە، تێڕوانینێکی واقیعیانەی ئەوێت لە بارەی بوونی ئۆتۆمبێل بەو ژمارەیە کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی نییەو زیانێکی زۆریشی گەیاندووە بە ئابووری وڵات. ئەگەر نەخشەو پلانێکی پێش وەختی حکومەت لە ئارادا بووایە بۆ ئەم مەسەلەیە بێگومان ئەمڕۆ توشی ڕوو بەڕوو بونەوەیەکی وا ئاڵۆز نەدەبوینەوە، بوونی ٢٥٠٠٠٠ ئۆتۆمبێلی کۆن‌و نوێ لەپارێزگایەکی دواکەوتووی بێ بنەمای ئابوری پیشەسازی‌و کشتوکاڵی، بێ ڕێگا بان‌و شەقامی گونجاو..هتد ئەنجامەکەی ئەبێتە ئافاتێکی کوشندەو زیانبەخش کە ئەمڕۆ بە زەقی ڕەچاو ئەکرێت، بۆ نموونە بەدەیان ملیۆن دۆلار لەکوردستانەوە براوەتە دەرەوەی وڵات بۆ کرینی ئۆتۆمبێلی کۆنی ئەورووپی ، ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێك لە ڕۆژێکدا بایی سێ دۆلار بەنزین سەرف بکات کۆی پارەکەی ئەکاتە ٧٥٠٠٠٠ دۆلار لەیەك ڕۆژدا، بێئەوەی ئەو پارەیە بەرهەمێکی هەبێت لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەم ئۆتۆمبێلانە بەمەبەستی دابینکردنی بەرهەم نەهێنراونەتە وڵاتەکەمانەوە، زۆرینەی ئەم ئۆتۆمبێلانە ئامێری (ئاڤگاز)یان تیادا نییە ئەو گازو دوکەڵەی بپاڵێوێت، بەتایبەتی لەناو ئۆتۆمبێلە کۆنەکاندا ،و هیچ دەزگایەکی کۆنترۆڵیش لەئیدارەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەوە ئامێرێکی وایان نییە بەدواچونی خۆی بکات کە لەخزمەتی ژینگەدا بێت، هەر بۆیە ئەو ئۆتۆمبێلانە کەشو هەوا (ژینگە)ی شارەکانی کوردستانی بەرباد کردووە، ئەگەر لە لوتکەی چیای گوێژە و گڵەزەردەوە لەکاتی ئێوارەدا سەیری شاری سلێمانی بکەین، ئەبینین چ پەڵە تەمێکی ڕەش‌و بۆر بەری ئاسمانی شارەکەی گرتووە، زیانەکانی ڕۆژانەی ئەم چەند هەزار ئۆتۆمبێلە لەباری گیانیەوە هەرگیز کەمتر نییە لەزیانی نەخۆشی نایدز لەخواری ئەفریقیا، بێجگە لەوەی بە ڕۆژانە هەزاران دۆلار ئەبرێتە دەرەوەی وڵات بۆدابین کردنی کەرەسەی یەدەگ بۆ ئەم ئۆتۆمبێلانە ، وا دیارە پێشوەخت بیرێك لەچارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە نەکراوەتەوە وەك دامەزراندنی کارگە بۆ دابینکردنی تایەو پاتریی‌و شوشەو بۆیەو بەدەیان پێویستیەکانی تری ئۆتۆمبێل بۆ دروستکردنی وەیا پاڵاوگەیەك کە بتوانێت نەوت‌و ڕۆن مسۆگەر بکات بۆ کوردستان بۆ ئێکتفای زاتی، تا وەك ئەمڕۆ شوفێر توشی ئەم تەنگوچەڵەمەیە نەبێت، تا ئەم دۆلارانە بەفیڕۆ نەڕواتە دەرەوەی وڵات هەر بیر لەوەرگرتنی باجی سەرسنوور کراباوە بۆ هەر ئۆتۆمبێلێکی کۆن چەن سەد دۆلارێك وەربگرن وا ئەمڕۆ بەقەدەر ئەو باجەی وەرگیراوە پارە بە پۆلیس و بە خزمەتگوزاریەکانی بوونی ئەم ئۆتۆمبێلانە ئەدەن‌و ناگەنە ئەنجامی بەربەستکردنی ئاسەواری نێگەتیڤی ئەو ژمارە زۆڕەی ئۆتۆمبیلانە ڕاگرێت. لەساڵانی چلەکاندا کۆلانەکانی نارشاری سلێمانی هەر ئەم کۆلان‌و شەقامانەی ئێستا بوون مەگەر چەند گۆڕانکاریەکی کەمی تیادا کرابێت، ئەوسا ئۆتۆمبیلەکانی سلێمانی بەپەنجەی دەست ئەژمێردران بریتی بوون لە ئۆتۆمبیلی قونسلی بەریتانیی‌و بەڕەحمەت بن شێخ لەتیفی حەفیدو قادراغای حاجی مەلا سەعی‌و تۆفیق قەزازو موتەسەرف‌و گەورەبێت‌و چەند ئۆتۆمبیلێکی تر هەبوون وا ئەمڕۆ هەر ئەو کۆلان‌و شەقامانەن وا هەزاران ئۆتۆمبێل ڕێچکەیان تیا بەستووەو پەنگخواردنەوەی ئۆتۆمبێل لە شەقامەکاندا لەو زۆریە شوفێری تووشی نەخۆشی دەرونی کردوە، گلەیی‌و گازاندەیان لەڕێگەی هۆزنەوە دەر ئەبڕن ئەمەش لەخۆیدا دیاریدەیەکی شارستانێتی نییە. پابەندبوونی شوفێرو هاوولاتیان، بەڵکو شوفێر خۆی بڕیاردەرە بەچ ڕێژەیەك لێبخوڕێ‌و ڕەفتار بکات، ڕێزو خۆشەویستی‌و هاوکاری لەنێوان پۆلیسی هاتوچۆو شوفێر وەك پێویست بەدی ناکرێت، بەڵکو وەك نێوان مشك‌و پشیلەی لێهاتووە، بەڕێوەچوونی مامەڵەی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی پۆلیسی هاتوچۆدا گەڵێ زەحمەت بووەو پێویستی بەکار ئاسانی هەیە.

داواو پێشنیار:

*هاتنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێك لەدەرەوەی وڵات ڕابگرێت، هەروەها ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی کۆن.

*بایەخدان بە بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری ئەفسەرو پۆلیسی هاتوچۆ بەکردنەوەی خولی بەردەوام‌و بەناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات وەك پراکتیك بۆ شارەزاییان لە تەکنیکی نوێی هاتوچۆو چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگاوبان.

*زیادکرنی موچەیان‌و زیادکردنی پێویستیەکانی هاتوچۆ وەك ترافیك لایت‌و زیادکردنی ئیشارەتەکان‌و ڕەنگکردنی نەخشەی هێڵی سپی لەسەر شەقام‌و ڕێگاکانی نێوان شارو شارۆچەکەکاندا تاوەکو شوفێر هێڵی ڕێیشتنی خۆی بگرێتە بەر.

*دانانی بەرنامەو پڕۆمی تایبەت سەبارەت بەزانیاری لەسەر یاسای هاتوچۆو لێدوان لەسەر کارەساتی ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ئاسمان‌و ڕۆژنامەو ڕادیۆکانەوە.

*دروستکردنی تونێل بەتایبەتی لەشاری سلێمانی‌و دهۆك وەك پڕۆژەیەکی دورخایەن.

*دانانی سستمی کۆمپیوتەر لەتەواوی ئیدارەکانی هاتوچۆدا لە شارو شارۆچکەکاندا بەرێژەیەکی پێویست بۆ کارئاسانی کاری هاوڵاتیان لەمامەڵەی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلدا.

*بێ جیاوازی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئیداری واتا ئەوەی دەستی بە سوکانەوە گرت وەك ئەرك مەرجە ڕێز لە قودسیەتی یاسای پۆلیسی هاتوچۆ بگرێت.

*شوفێر بۆی نەبێت مەست بێت‌و ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت.

*بایەخدان بەکورسی منداڵ‌و خۆبەستنەوە لەناو ئۆتۆمبیلدا مەرجێکی زەروریەو نابێت چاوی لێبپۆشرێ.

*ئەشێ حکومەتی هەرێم بۆ چاکسازی کێشەی لێشاوی ئەم ئۆتۆمبیلە زۆرە کە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە بودجەیەکی گونجاو دیاری بکات کە لەئاستی کێشەکەدابێت‌و لەبیرکردنەوەیەکی جددیدا بێت بۆ یاسایەکی نوێی گونجاو بە سوود وەرگرتن لەیاسای هاتوچۆی وڵاتە پێشکەوتووەکان.

*هەندێ ئەرکی سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە هەیە هاوسەنگە لەگەڵ کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ لەکوردستاندا زۆرینەی گرفتەکانی نێوان پۆلیس‌و شوفێر بەهاوکاری هەردوو لا باشتر سەقامگیر ئەبێت، سەندیکای هاتوچۆ وەك پێویست ئەبێت لە ئاستی بەرپرسیاریدابێت بۆ بەپیرەوچوونی گرفتەکانی ئەندامەکانیان بەتایبەتی شوفێرەکانی هێڵی هاتوچۆی نێوان شارەکان، هەروەها ئەرکی سەندیکایە ئەندامەکانیان بەتایبەتی شوفێرەکانی هێڵی هاتوچۆی نێوان شارەکان، هەروەها ئەرکی سەندیکایە داوا بکات کەرکوك‌و هەولێر، نێوان دهۆك زاخۆ چەندین ڕێگاو بانی تر هەیە بکرێتە دوو سایدو بایەخ بە قیرتاوکردنیان بدرێت. بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی شوفێر پێویستە سەندیکا هاوکار بێت بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی لەلایەن ئیدارەی پۆلیسی هاتوچۆوە بۆ سەر شوفێرەکان بەتایبەتی شوفێری تاکسی‌و هێڵەکانی نێوان شارەکان.

*شارەوانیەکانیش بەرپرسن لەچارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لەئەنجامی بوونی ئۆتۆمبێلێکی وا زۆر لە شارو شارۆچکەکاندا هەیە بۆ دابینکردنی نەخشەو پلانی گونجاو بۆ کەم کردنەوەی موعاناتی شوفێرو جەماوەر، پێویستی بە جێگاو شوێنی جۆراو جۆر هەیە بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل، ئەگەر بڕوانیتە شارەکانی کوردستان هەست ئەکەیت سیمای شاری پێوە نەماوە بوونەتە گەراجێکی گەورەو فراوانی بێسەروبەرن پاراستنی ژینگەو ئارامی هاوڵاتیان‌و چاودێری خاوێنی جێگاو شوێنی فیتەرەکانیش ئەرکی سەرەکی شارەوانیەکانە ، ئەگەر هەر شوفێرێك بیەوێت لەهەر کۆڵان‌و کوچەیەکدا ڕێنی ئۆتۆمبێلەکەی بگۆڕێت و تەعمیراتی بکات وەك ئەوە وایە قەسابێك لەدەرەوەی قەسابخانە ئاژەڵ سەر بڕێ، ڕەفتاری هەردوو لایان زیان بە ژینگە ئەگەیەنێت‌و دیمەنی شارەکەش ئەشێوێنێت.